# لە ئەنگلسەوە بۆ مارکس

و/ سەلام عەبدوڵڵا

مانشیستەر، لە ٧تشرینی یەکەم١٨٥٨

...مەسەلەکە لە گەڵ جۆنس زۆر قیزەوەنە. لێرە کۆبوونەوەیەکی کردو بە دوورو درێژی بە گوێرەی هێڵی هاوپەیمانی نوێی قسەی کرد. پێدەچێ مرۆڤ پاش ئەم مەسەلەیە، ناچار بێ بگاتە ئەو بڕوایە کە بزووتنەوەی پرۆلیتاری بەریتانی لە شێوە شارتییە کلاسیکی کۆنەکەی، دەبێ بە تەواوەتی لەناو بچێ، پێش ئەوەی بتوانێ بەشێوەیەکی نوێ گەشە بکات و توانای ژیانی ببێ. لە گەڵ ئەوەشدا وا دێتە پێش چاوم کە بزووتنەوەی جۆنسی نوێ، گەر لە گەڵ هەوڵە کۆنە زۆر یا کەم سەرکەوتووکان کۆبکرێنەوە لە پێناوی ئەم جۆرە هاوپەیمانییە، بەکردەوە بەو راستییە بەستراوە کە پرۆلیتاریای ئینگلیزی لە کاتی ئێستادا، زیاد یا کەم بووە دەبێ بەبۆرژوا. بەشێوەیەك، ئەم نەتەوە لە هەموو نەتەوەکانی تر بۆرژوازیترە، وەك دەردەکەوێ، لە کۆتاییدا مەسەلەکە، ئامانجی ئەوەیە ببێ بە خاوەن ئۆرستوکراتی و وپرۆلیتاریای بۆرژوازی **لە پاڵ** بۆرژوازییەت. بێ گومان ئەم مەسەلەیە تا رادەیەکی دیاریکراودا بیانوی خۆی هەیە بۆ نەتەوەیەك، هەموو جیهان دەچەوسێنێتەوە. لێرەدا، تاقە شت کە دەتوانێت نەختێك یارمەتی بدا، ئەوەیە، چەند ساڵێکی زۆر بەد پێش بێ، بەڵام پێناچێ لەمەودوا بە سانایی پێش بێ، لەوەتی ئاڵتوون دۆزراوەتەوە.[1]

---

[1]/ گۆڕانی جۆنس بۆ سیاسەتی هاریکاری لە گەڵ بۆرژوازی، بوو بە هۆی پچڕاندنی پەیوەندی لە نێوان خۆی و مارکس. لە یەکی شوبات/١٨٥٩ مارکس بۆ ویدیمیر نووسی: پەیوەندیم بە ئێرنست جۆنس پچراند. سەرەڕای ئاگادارکردنەوە یەك لە دوای یەکەکانم و سەرەڕای ئەوەی پێشبینی ئەمەی ئێستا روویدا دەقاودەق، کرد– ئەوەی کە خۆی وێران دەکا و حزبی شارتییەکان لێکدادەپچڕێنێ– درێژەی دا لە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی هەوکاریکردن لەگەڵ بۆرژوا رادیکالەکان. ئێستا پێوێکی موفلیسە و ئەو زیانە کە بە پرۆلیتاریای ئەنگلیز گەیاندی، زیانێکی گەورەیە. ئاساییە ئەم گوناهە راستدەکرێتەوە، بەڵام چرکەیەکی زۆر گونجاو بۆ کردەوە لە کیس چوو. لەشکرێك لەبەر چاوت راگرە، سەرکردەکەی لە رۆژی جەنگ دەچێتە پاڵ دوژمن)).